# قاسم هادی، سکرتێری یەکێتی بێکاران لە عێراق سەبارەت بە نارەزایەتییەکانی کرێکاران ئەدوێ .

ئامادەکردنی
جمال محسن
jamal_muhsin@yahoo.com

رۆژی 17.01.2005 کرێکارانی کۆمپانیای گشتی پیشەسازییەکانی چەرم لە ناوچەی کەرادەی بەغداد دەستیان دایە مانگرتن بۆ نارەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە مامەڵەی وەزارەتو بەرێوەبەرێتی کارگە لەگەڵ کرێکاران. ئامانجی کرێکاران لەم نارەزایەتییە بریتی بوو لە : گۆڕینی ئیدارە، وە بە تایبەتیش بەرێوەبەری حساباتونەحشەکێشان. خەرج کردنی ئەو بەشە ماوەیە لە قازانجی سالآنە کە پێشتر نیوەی دابەش کرابوو. دیاری کردنی ئەو کەسانەی کە کۆمپانیا ئیدعا ئەکات کە زەرەریان داوەو هەروەها ئەو قەرزانەی کە لەسەر کۆمپانیا بووە لە کاتی رژێمی بەعسدا ، وە نابێ بە هیچ جۆرێك ئەو مەسەلەیە بەسەر کرێکاراندا بشکێتەوە چ بەوەی کە لە پارەی ئەوان ببردرێت یان فشاری دەروونی بخرێتە سەریان کە گوایە ئەوان هۆکاری ئەو زەرەرەن، قازانج وکرێی زیادەو دیاری (وەك ئیدارە ناوی ئەنێ) لە کاتی خۆیدا بدرێت بەکرێکاران. گۆڕینی نوێنەرانی کرێکاران لە بەرێوەبردنی کارگە، هەڵبژاردنێکی تازە ئەنجام بدرێت لە ژێر سەرپەرشتی یەکێتی شوراو نەقابە کرێکاریەکاندا. بەهرەمەندبوونی کرێکاران لەبەرهەمی کارگە ودابەشکردنی بەسەریاندا لەگەڵ وەجبەکانی بەرهەمدا بەرێكو پێکی. وەفدێکی یەکێتی شوراو نەقابە کرێکاریەکان لە عێراق (ی.ش.ن.ك.ع)بە سەرۆکایەتی سامح عاشور، جێگری سکرتێری یەکێتیەکەو قاسم هادی سکرتێری یەکێتی بێکاران لە عێراق چاویان کەوت بە هەندێ لە کرێکارەکانو پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە رێکخراوی کرێکاریی کاری کرێکاران خۆیانە و ئیدارە ئەبێ لەوە تێبگات کە کرێکاران بەرهەمهێنەری راستەقینەن. کرێکاران رایانگەیاند کە رێژەی بەرهەم 120٪ لە رێژەی چاوەروانکراو زیادی کردووە. شایەنی ووتنە کە(رابطة الحق)کە درووستکراوی دەستی نوسینگەی الصدرە لەسەر داوای کرێکاران هەڵوەشایەوەو لەجێگەیدا یەکێتی شوراو نەقابە کرێکاریەکان دانرا.

بەمجۆرە هەروەك چۆن ی.ش.ن.ك.ع لە ماوەی پێشوودا رابەرو رێکخەری چەندین نارەزایەتی و مانگرتن بوو لە شارەکانی تری عێراقدا، لە نێو کرێکارانی چەرمیشدا بووە تاقە رێکخراوی خۆشەویستو موعتەبەر.

مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای چەرم لە درێژەی ئەو زنجیرە نارەزایەتیو مانگرتنانەدایە کە ماوەی چەند هەفتەی پێشوو هەندێ لە شارەکانی عێراقی گرتەوە. سەبارەت بەو نارەزایەتیانەو رۆڵی ی.ش.ن.ك.ع و تیشك خستنە سەر چەند لایەنێکی، ئۆکتۆبەر ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ قاسم هادی، سکرتێری یەکێتی بێکاران لە عێراقو ئەندامی لیژنەی باڵای ی.ش.ن.ك.ع ئەنجام دا .

**ئۆکتۆبەر:** ئایا لەگەڵ بوونی تیرۆردا، مانگرتنەکانی ئەم دواییەی کرێکاران نیشانەی دەورەیەکی نوێیە؟

**قاسم هادی** : بێگومان ئەو بزووتنەوەیە بۆ چینی کرێکاری عێراق تازە نییە بە تایبەتی لە ساڵەکانی بیستەکانی سەدەی پێشووەوە، هەرچەندە ئەمە دەستپێکردنێکی نوێیە بە تایبەتی دوای خستنە پەراوێزیەوە لە ماوەی نزیك بە چوار دەیەدا، و هەروەها توانەوەی بەشێکی لە بزووتنەوە کۆنەپەرستەکاندا لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا . بەڵام ئەم دەستپێکردنە بۆ وەڵامدانەوەیە بەگرنگیو پێویستی ئەوەی کە رێکخراوە کرێکاریەکان کاری کرێکاران خۆیانە کە بەتایبەتی لەم کاتەدا کە رێکخراوە کرێکارییەکان لە هەموو لایەکەوە دەوریان بە تیرۆر دراوە.

**ئۆکتۆبەر:** داخوازی کرێکاران چییە و مامەڵەی خاوەن کارو دەسەڵاتداران چۆنە لە بەرامبەریاندا؟

**قاسم هادی:** زۆربەی مانگرتنەکان لەدەوری خواستی بەرزکردنەوەی لانی کەمی کرێ، راگرتنی دەرکردنی بە کۆمەڵ یان هەر حاڵەتێکی تری دەرکردن، خەرج کردنی قازانجو دەرماڵەوختورەو کارکردنەوە بە بیمەی کۆمەڵایەتی کە خانەنشینیو بریندارببوونو پیریوبێکاری ئەگرێتەوە، بوون . هەروەها زۆربەی داواکان داوای جەماوەرین هەروەك لە مانگرتنی کرێکارانی ووزەی کارەبایی لە ناصریەدا بینیمان بۆ نمونە کە بریتی بوو لەوەی کە کارەبای بەرهەمهاتوو بە جۆرێك دابەش بکرێت کە

زۆرترین ژمارەی خەڵك سودی لێ وەربگرن (ڕاپۆرتی کرێکارەکان باس لەوە ئەکەن کە یەکەی پێویستی هەر سێ پارێزگاکانی کە سەر بەو وویستگەیەن بەرهەم ئەهێنێت، هەرچەندە ئەو شارانە جاری وا هەیە بۆ ماوەی 36 کاتژمێر کارەبایان ئەبڕێت).

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکە، جووڵانەوەی کرێکاران دوای غیابێکی درێژخایەن ، ئێستا پێی لەسەر ڕێی ڕاستەقینەی خۆی داناوە کە کارکردنە بە شێوەیەکی ڕێکخراو. هەر بۆیە خاوەنکارو دەسەڵاتدار کە ئیدارەی ئەمریکی و حزبە دەستو پێوەندەکانیں درکی ئەو مەترسیو خۆرێکخراوکردنەی کرێکارانیان کردووە. ئەوە لە کاتێکدا ڕۆشن بوو کە دەسەڵاتداران هیچیان بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێت کە فەرمانیان دا بە گاردی نیشتمانی بۆ تەقە کردنو مانگرتنی کرێکارانی چنینی کووتیان لە خوێن هەڵکێشا، کە ڕابەرانی مانگرتنەکە بوونە قوربانی ئەو هێرشە دڕندانەیە، هەروەها لەوەدا ڕۆشن بوو کە دیسانەوە کاریان بە یاساکانی بەعس کردەوە وەك بڕیاری 151ی گۆرینی کرێکاران بە فەرمانبەران، وە زۆرێك لە کردەوەکانی بەعسیان پیادەکردەوە بۆ قەدەغەکردنی خۆپیشانداندو مانگرتن بێ ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان، کە ئەوەش ئەو لایەنانە ئەگرێتەوە کە پەیوەندیدارن بە سەرکوتو ترساندن لە ڕێی پۆلیسو سوپاوە، هەروەك لە ووتارو گفتوگۆکانی ترمدا باسم کردووە.

**ئۆکتۆبەر :** خاڵە بەهێزو لاوازەکانی ئەو جووڵانەوانە چیںو ئاستی توانای بەدەستهێنانی داخوازیەکانو ڕادەی بەشداربوونیکریکاران چەندبووە؟

**قاسم هادی :** یەکێك لە گرنگترین خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەکە ئەوەیە کە تائێستا نەیتوانیوە بە تەواوەتی لە ژێر فشاری بزووتنەوە کۆنەپەرستەکانو فشاری دەسەڵاتداران ڕزگاری بێتو بەشێوەیەکی هووشیارانە لەدەوری ڕێکخراوەکانو ئاسۆکەی کۆببێتەوە. هەرچەندە وەك ئاماژەم پیٚ کرد، پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە لەو ململانێ و کێشمەکێشەدا، هەروەك لەزۆر شوێن توانیویەتی خواستەکانی بسەپێنێت وەك لە کۆمپانیای گشتی پیشەسازیە کیمیاویەکان کە لە کۆی 8 داواکاری 7 دانەیان بەدەست هاتن، وە یان لە کۆمپانیای گشتی پیشەسازییەکانی چەرم کە بەڵێنی ئەوەیان وەرگرت تەواوی داواکانیان بهێننەدی، دوای هەڵهاتنی بەڕێوەبەری حسابات بە ئۆتۆمۆبیلەکەی لە ترسی ئەو کۆبوونەوەیەی کە مانگرتنەکە تیایدا دەستی پیٚ کرد. هەروەها داخوازی کرێکارانی بیناسازی لە کۆمپانیای (النخوە) لە ناصریە کە بەدوایدا مانگرتنی کرێکارەکان هات دژ بە مامەڵەی خراپی ئیدارەو دابین نەبوونی ژیان بەهۆی کەمی کرێوە، وە هەروەها پشتیوانی ئەم ناوەندە بوو لەگەڵ مانگرتنی کرێکارانی ووزەی کارەبا.... هەر چاودێرێکی ئەم بزوتنەوەیە ئەتوانێت بەشداری تەواوەتی لە هەندێ لەو ناوەندانەدا ببینێ کەبێگومان بووە مایەی بەدەستهێنانی ئەو داواکاریانەیان، وە یان زۆرینەی بەشەکانی ناوەندەکانی تر وەك بەشداری 3 بەش لە 5بەشی کۆمپانیای چەرم. وە لە زۆربەی ئەوانی تردا لە چەند بەشێك دەستی پێکرد و دواتریش بەشەکانی تر پێوەی پەیوەست بوون. ئەمە بە ئیزافەی ئەوەی کە بزووتنەوەکە ئاستێکی فراوانتر لەوەی وەرگرت کە تەنها چەند بەشێکی یەك کۆمپانیا بگرێتەوە، بگرە کۆمپانیاکانی تر و ناوەندەکانی تریش بە داخوازیەکانی خۆیانەوە پێوەی پەیوەست بوون یان چەند داخوازیەکی جەماوەری هاوبەشیان بەرز کردەوە وەك لە مەشروباتو چنیںو بیناسازیو....... هەروەها تێبینی ئەوە ئەکرێت کە تەشەنەی کرد بۆ شارەکانی تری عێراق، کەئەمەش بەڵگەیە بۆ گەشەو پێشکەوتنی بزووتنەوەیەکی کرێکاری هووشیار کە توانای یەکلاکردنەوەی ململانێکەی هەیە بە قازانجی بەرژەوەنی خۆی.

**ئۆکتۆبەر:** ڕۆڵی ڕێکخراوە کرێکاریەکان چییە وە تا چ ڕاددەیەك ئەتوانرێ بە بزووتنەوەیەکی ڕیکخراو دابنرێ؟

قاسم هادی: تەجروبەکانی بیست مانگی پێشوو نیشانی ئەدەن کە جووڵانەوەی موتاڵەباتی بەشێوەیەکی ڕێکخراوانەو هوشیارانە خراوەتە پەراوێزەوە. کارێك کراوە کە بۆتە مایەی ناباوەڕیی بەرامبەر ڕێکخراوبوونو کۆبوونەوە . هەرچەندە ئەم ماوانە ئاڵگۆڕێکی نەوعی لە کاری ڕێکخراوە کرێکاریەکاندا بە خۆیەوە بینیوە، وە (ی.ش.ن.ك.ع) ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە نەخشەدانان وە ڕابەرایەتی کردنی مانگرتنەکانی چەند شوێنێکدا وە ڕێنوێنی و پشتیوانی لە مانگرتنەکانی شوێنەکانی تر کردوە. هەروەها یەکێتی بێکارانیش کە خۆی وەك بەشێك لەو جووڵانەوەی موتاڵەباتییە بینیوە ، لە ڕابەرایەتیکردنیاندا بەشداری کردووە. هەر لەم چوارچێوەیەدایە کە ئەمە بە بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو دائەنرێ کە توانیویەتی لەم قۆناغەدا پایەکانی خۆی جێگیر بکات و بتوانێت ئاستی تەوەقوعاتەکانی بەرزبکاتەوەو لەگەڵ جەماوەردا بەشداربێ لە یەکلاکردنەوەی ململانێکەدا بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکاری و دەمکوتکردنی بزووتنەوەی کۆنەپەرستو تیروریستەکان.